# پەیامێك بۆ كۆنگرەی لەندەن

بەرێزان ئامادەبووانی كۆنگرە ئەم كاتەتان باش سڵاو ڕێزم هەیە بۆتان دەستی خەبات كارانەتان بە گەرمی دەگووشم . زۆر شادوومان ئەبووم ئەگەر ئێستا خۆم لە گەڵتان بوومایەو بە كردەوە بە شداری كۆنگرەم بكردایە بەڵام بەداخەوە ئەو بوارەم بۆ نەڕەخسا . بەڵام بە دڵنیایەوە پێتان ئەڵێم كە من ئێستا هەموو هۆش و خۆشەوویستیەكم لە هۆڵێكدایە كە ئێوەی تێدا كۆبوونەتەوە . من كۆنگرەم لا پیرۆز نیە بەقەدەر ئەوەی خەریكە قسە لەسەر چارەنووسی خەڵكی كوردوستان و هەنگاو بۆ كۆتای هێنام بە ستەمێك هەڵئەهێنین كە چەند دەیەیەكە ژیان و گوزەران و ئینسانی بوونی خەڵكی كوردوستانی بە ئاگرو بە ئاسن وەڵام داوەتەوە . ستەمێك كە چەند نەوەی بە سەركووت و زیندان و سێدارەو هەڵواسین لە نێو شەقام و كۆڵانەكاندا بەڕێ كرد . نیشان دانی بەرپرسیاریەتی لەم هەلومەجە هەستیارو ناسكەی ئێستای كوردوستاندا كە سەد جار ئەگەری دووبارە بوونەوەی كوێرەوەریەكانی قۆناغی پێشووی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە بە تەواوی ئەركێكی سیاسی و ئینسانیە . هەركەس بتوانێت خشتێك بخاتە سەر دیواری گێڕانەوەی ئیرادە بۆ خەڵكی كوردوستان كە كۆنگرە یەكێكە لەو خشتانە دەتوانێ بە هەنگاوێكیش لە پاشەكشەی سیناریۆیەك كە لەلایەن ئەحزابی قەومی كوردەوە بەرێخراوە بۆ تەسلیم كردنی خەڵكی كوردوستان بە شۆڤێنیەتی عەرەبی بەشداری بكات. من گرنگی ئەم كۆنگرەیە لەو دوو شیعارەدا دەبینمەوە كە بەرزی كردۆتەوە كە دەتوانێ لێكدانەوەیەكی دروست بێت بۆ بەرێخستنی بزووتنەوەیەكی جەماوەری فراوان لە دەوری خۆی . "ڕیفراندۆم پێش هەڵبژاردن "پرس بە خەڵكی كوردوستان كە ئەیەوێت جیا بێتەوە یان لە چوارچێوەی عێراقدا دەمێنێتە بە ئا یان نا " ئەم دوو پرسیارە ئەو گرێ كوێرەیەیە كە دەبێت بیكەینەوە . ئەم كارە ئیرادەو نەخشەو جیهەتی سیاسی عەزم جەزمی دەووێت . كە من هیوادارم بەو پلاتفۆرمانەوە لە كۆنگرە بێنە دەرەوە و بە دەستی پڕو بە هیواو ئومێدێكی گەورە بۆ بەرگرتن بە هەموو ئەو كارەساتانەی نزیك بەنیوو سەدە لە ژیانمانی كرتە ترسناكترین چیرۆك و تراژیدیا . بەو هیوایەی كارێك لە كۆنگرە لەسەری پێك دێن بەزوترین كات بیگوێزینەوە بۆ نێو كۆمەڵگا بۆ نێو شەقام و كۆڵانەكان بۆ نێو ئەو ئەو خێزانانەی كە نازانن بەیانی چیان بەسەردێو چارەنووسیان بەدەست بازرگانەكانی ناسیۆنالیستی كوردەوە هە ڕۆژە و بە قەڵبەیەكدا دەدرێت . پێش ئەوەی كۆتای بە پەیامەكەم بهێنم من پێشنیارێكم بۆ ئەو بەرێزانە هەیە كە وەك كەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی جەماوەری ئەركی بەرێوەبردن و سازدانی ئەم كۆنگرەیان كردووە بتوانن هەمان كاریش بۆ كۆنگرەی كوردوستان بكەن و بەشداری ڕاستەوخۆ بكەن . جارێكی تر دەست خۆشانەتان لێدەكەم و هیوادارم سەركەووتوبن وە بانگەوازی هەموو ئەو ئینسانانە دەكەم كە خۆیان بە بەرپرس ئەزانن لە بەرانبەر چارەنووسی خەڵكی كوردوستان بێن و هەموو دەست بدەینە دەستی یەك و پشت بنێین بە پشتی یەكەوە بۆئەوەی نەیەڵین یاوەر و سەدر و عەلاوی سەرانی ئەحزابی قەومی كورد گۆماوێكی تری خوێنمان بۆ دروست بكەن .

هەربژین

هیدایەت مەلا عەلی